National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

### چوارەم را پۆرت: رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری گەرمیان

کانونی دوەم 2018

1/2/2018

## پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



## بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2. کارنامەی یەکەکە
3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

**دوەم: ئامانجی یەکە**

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

## سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاَتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە بپارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە برپارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 برپاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

ناوەڕۆک:

1. دەستپێک

2. ژمارەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە ناوەندەکانی خوێندنی گەرمیان دا

3. رۆڵی توێژەران لە ناوەندەکانی خوێندن دا

4. گرنگی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن دا

5. گرفتەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لەناوەندەکانی خوێندن دا

6. بۆچونی بەرێوەبەرەکان لەسەر توێژەران لە ناوەندەکانی خوێندن دا

7. بۆچونی بەرێوەبەری پەروەردەکان لەسەر توێژەران لە ناوەندەکانی خوێندن دا

### 1. دەستپێک:

لەگەڵ جێگیرکردنی سیستەمی نوێی خوێندن، کاراکتەرێک بۆ ناوەندەکانی خوێندنیش سەربار کرا کە پێشتر بونی نەبوبو، ئەویش توێژەی کۆمەڵایەتی یان دەرونییە.

پێناسە بنەڕەتیەکەی ئەم کاراکتەرە، بریتییە لەو کەسانەی کە دەرچونی کۆلێژەکانی تایبەتمەند بە کۆمەڵناسیی و دەرونزانین و لەناوەندەکانی خوێندن دا رۆڵی پەروەدەیی دەگێڕن. کاری ئەمان بریتییە لە چاکسازییکردن لە بواری پەروەردەیی و هاوکاریکردنی خوێندکاران و ناوەندەکە لە پرس و کێشە ئاکاریی و کۆمەڵایەتیی و دەرونی و پەروەردەییەکان دا.

ئەم کاراکتەرانە، لەکاتی بونی کێشەی جیاوازی پەیوەندیدار بە خودی خوێندکار، یان لەنێوان خوێندکار و خوێندکار، یان لەنێوان خوێندکار و مامۆستا، دەخالەت دەکات و هەوڵی دۆوینەوەی چارەسەر دەدات.

لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمان دا، ماوەی چەند ساڵێکە ئەم توێژەرانە بونیان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا کار و رۆڵ و ئەرک و مافی ئەم توێژەرانە، وەکو پێویست جێگیر نەبون و زۆرجار رۆڵەکەیان بە لاوەکیی دەبینرێت.

لەمیانەی راپۆرتی ئەمجارەی یەکەکەکەمان دا، بەدواداچون دەکەین بۆ رۆڵی ئەم توێژە لەناوەندەکانی خوێندن و پرۆسەی پەروەردە بەگشتی لەگەرمیان، هەوڵدەدەین دەستبخەینە سەر دیارترین کێشەو گرفتەکانیان.

## 2. ژمارەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەناوەندەکانی خوێندنی گەرمیان دا

کەمی توێژەری کۆمەڵایەتی لە ناوەندکانی خوێندن لەسنوری پەروەردەی گەرمیان یەکێکە لەگرفتە دیارەکانی کەرتی پەروەردە، لەپاش قەیرانی دارایی و نەبونی دامەزراندن گرفتەکە زیاتر قوڵبوەتەوە و زۆرێک لە ناوەندەکان توێژەری تێدا نییەو بەوهۆیەوە روبەڕوی گرفت بوەتەوە.

ئەگەرچی ئەرکی توێژەر رێنمایکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانە، بەڵام وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە و بەشێوەیەک ناوەندەکانی دەرەوەی شار (گوندەکان)، توێژەرییان نیە لەکاتێکدا پێویستە هەمو ناوەندێک توێژەری هەبێت.

وەک لەخشتەکەی خوارەوە رونکراوەتەوە قەزای کەلار بە ناحیەکانی (رزگاری، شێخ تەویل و پێباز) و سەرباری ناحیەکانی (کۆکس، قۆرەتو، مەیدان و بەمۆ) تێکڕا 243 قوتابخانە بونی هەیە بە بنەڕەتی و ئامادەیی و باخچەی ساوایان و خوێندنی خێرا، بۆ ئەم ژمارە زۆرەی ناوەندی خوێندن تەنها 112 توێژەر بونی هەیە.

لەقەزای کفری بەناحیەکانی (زینانە، جەبارە، سەرقەڵا، نەوجول و ئاوەسپی)، تێکڕا 81 قوتابخانە بونی هەیە بە بنەڕەتی و ئامادەیی و باخچەی ساوایان و خوێندنی خێرا، بۆ ئەم ژمارە زۆرەی ناوەندی خوێندن تەنها 81 توێژەر بونی هەیە.

لەقەزای خانەقین بەناحیەی (قەرەتەپە)وە، تێکڕا 16 قوتابخانەی سەر بە هەرێمی کوردستان بونی هەیە بە بنەڕەتی و ئامادەییەوە، بۆ ئەم ژمارە زۆرەی ناوەندی خوێندن تەنها 8 توێژەر بونی هەیە.

| شوێن | کۆی گشتی توێژەر |
| --- | --- |
| کەلار | 112 |
| کفری | 16 |
| خانەقین | 8 |

بەپێی ئەم خشتەیەی لە خوارەوە دەیخەینە رو، ژمارەی توێژەرەکان بەپێی پسپۆڕێتییان رونکراوەتەوە لەوەی توێژەری دەرونیین یان کۆمەڵایەتیی:

| شوێن | توێژەری دەرونی | توێژەری کۆمەڵایەتی | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- | --- |
| کەلار | 100 | 12 | 112 |
| کفری | 16 | — | 16 |
| خانەقین | 8 | — | 8 |

لەم خشتەیەشدا، بەراوردی ژمارەی قوتابخانەکانی سنوری گەرمیان بە ژمارەی توێژەرەکان دەکەین، بەشێوەیەک لە کەلار کەمتر لە نیوەی قوتابخانەکان توێژەریان هەیە، لەکفری پێنج یەکی قوتابخانەکان توێژەریان هەیە، بەڵام لە خانەقین نیوەی قوتابخانەکان توێژەریان هەیە.

| شوێن | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی توێژەر | بەراوردی ژمارەی توێژەر و قوتابخانە |
|---|---|---|---|
| کەلار | 243 | 112 | %0.047 |
| کفری | 81 | 16 | %0.20 |
| خانەقین | 16 | 8 | %0.5 |

### 3. رۆڵی توێژەران لە ناوەندەکانی خوێندن دا:

سەبارەت بە رۆڵ و گرنگیان لە ناوەندەکانی خوێندنی سنوری پەروەردەی گەرمیان هەریەک لە توێژەران بە شێوەیەک باس لە ئەرکەکانیان دەکەن و دەڵێن زۆرێک لە گرفتەکانی خوێندکارەکانیان چارەکردوە.

هەلاڵە عەلی عەزیز، توێژەری دەرونی لە قوتابخانەی ئامادەیی برایەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "بونی توێژەر لە ناوەندەکان بەها و گرنگی خۆی هەیە، منیش وەک تەواوی توێژەرەکانی تر زۆرێک لە گرفتی خوێندکارانم چارە کردوە لە رێگەی ئەو رێنمایی و هاوکارییانەی کە دەیدەم بە خوێندکارەکان، ئەگەر چی ئەمساڵ لە چاو ساڵانی دیکە گرفتمان کەمتربو بەهۆی کەمی دەوام و بایکۆتەوە".

وتیشی: "هیچ سیمینارێکمان نەکردوە، بەلام لە بونی هەر دەرفەتێک کە مامۆستایەک نایەتە دەوام وانەکەی وەردەگرم و رێنمای پێشکەش بە خوێندکارەکان دەکەم و باسی زۆر بابەتیان بۆ دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە خوێندکارەکان دێنە لام بە کوڕ و کچەوە، ئەمەش وایکردوە پەیوەندییەکی باش لە نێوانمان دروست بێت."

ئاماژەی بەوەشکرد: "بەدەر لە گرفتەکانی ناوەندەکەمان خوێندکارم هەبوە کێشەی خێزانی هەبوە سەردانی ماڵەوەیانم کردوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە بە مەرجێک خوێندکارەکە خۆی رازی بوبێت، لەگەڵ هەمو ئەمانەش بەرێوەبەرەکەم و تەواوی مامۆستاکان زۆر هاوکارمن ئەمەش وایکردوە من بەوشێوەیە رۆڵم هەبێت."

بورهان عوسمان ئەحمەد، توێژەری کۆمەلایەتی لە قوتابخانەی ئامادەیی بەردەسور لە کەلار، دەڵێت: "بونی توێژەر لە ناوەندەکان رۆڵی خۆی هەیە، چونکە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی کە لە ناوەندەکەدا هەیە بە شێوەیەکی گشتی، بۆیە من خوێندکارەکانم سەردانم دەکەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بەلام ئێمە گرفتمان کەمە بە هۆی بونی ئەو پەیوەندییە باشەی کە لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان هەیە".

وتیشی: "بەدەر لە گرفتی ناوەندەکە خوێندکارم هەبوە کێشەی دەرەوەی هەبوە خێزانی یان هەرگرفتێکی هەوڵمداوە لە رێگە پێدانی رێنماییەوە کێشەکەی چارە بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی لە ساڵانی رابردودا سیمینارمان ئەنجامداوە، بەلام ئەوە بۆ ماوەی دو ساڵە هیچ شتێکمان نەکردوە، تەنانەت مامۆستایان کاتی وانەی خۆیان نادەن بۆ سیمینار و بە شتێکی لاوەکی دەیبینن، بۆیە تەنها لە کاتی نەهاتنی مامۆستایەک دەتوانم وانەکەی وەربگرم رێنمای پێشکەش بە خوێندکاران بکەم بە شێوەیەکی گشتی."

ئاماژەی بەوەشکرد: "بە پێی ئەو رێنمایانەی کە لە پەروەردەوە هاتوە توێژەران نابێت هیچ ئەرکێکیان پێبدرێت یان وانە بڵێنەوە لە ناوەندەکان جگە لە ئەرکی خۆی کە رێنمای کردنی خوێندکارانە."

ئەگەر چی ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی لە ناوەندەکانی خوێندن دیاریکراوە وەک تەواوی مامۆستاکانی تر، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو دەرفەتە بە توێژەران نەدراوە کە رۆڵێکی گرنگ ببینن لە ناوەندەکانی خوێندندا.

ئەردەڵان عەلی عەبدوڵلا، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ئامادەیی فیدراڵ لە قەرای کفری، دەڵێت: "ئەگەر کۆمەڵگا رێگە بدات بێگومان توێژەر رۆڵی خۆی دەبێت، من بە کەمی و ناو بەناو خوێندکارەکانم سەردانم دەکەن هۆکاری ئەوەش داخراوی کۆمەڵگا و نامۆییانە بە توێژەر، هەروەها لە ناوەندەکەشمان گرفت کەمتر هەیە بە هۆی ئەوەی ئامادەییە".

وتیشی: "ئێمە تاوەکو ئێستا سیمینارمان بۆ رێک نەکەوتوە، بەڵام بۆ بونی پەیوەندی نێوانمان سەردانی پۆلەکان دەکەم لە هەر دەرفەتێک کە دێتە پێشەوە، بۆیە لەو رێگەیەوە رێنمای پێشکەش بە خوێندارەکانم دەکەم.

باسی لەوەشکرد: "ئێمە وانە ناڵێینەوە لە ناوەندەکان، چونکە ئەرکی ئێمە رێنمایکردن و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانە نەک وانە وتنەوە."

نەوشیروان محەمەد عەبد، توێژەری دەرونی لە قوتابخانەی بنەڕەتی شاخەوان لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "توێژەر لە هەر شوێنێک بێت رۆڵی خۆی هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەرگرفتێک، بە پێی ئەوەی کارەکانمان دیاریکراوە کە دەبێت چاودێر بین بەسەر خوێندکاران و مامۆستایان بۆ چارەکردنی هەر گرفتێک کە لە ناوەندەکە هەبێت، ئەو پەیامەی کە پێمە چ لە روی فکری چ لە روی زانستی بە پێی توانای خۆم ئەوەی پێمبوە گەیاندومە لە رێگەی گفتوگۆوە، بۆیە تا رادەیەک سەرکەوتو بوم".

وتیشی: "من لە گەڵ خوێندکارەکانم وەک توێژەر مامەڵە ناکەم بەڵکو وەک هاوڕێ دادەنیشین بۆ باسکردنی هەر گرفتێک کە هەیە، ئەمەش وایکردوە زۆر لێم نزیک بن و بە زۆری سەردانم بکەن بە کچ و کوریشەوە."

باسی لەوەشکرد: "لە هەر گرفتێک بەرێوبەرەکەم هاوکارێکی باشمە، هەر گرفتێکیش کە نەمان توانیبێت چارەی بکەین بانگی خێزانەکان دەکەین بۆ چارەکردنی."

دانانی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن بەها و گرنگی خۆی بۆ چارەسەکردنی گرفتی خوێندکاران هەندێک لە توێژەران باس لەوەدەکەن هەندێکجار روبەروی ئاستەنگ و بەربەست دەبنەوە لە چارەسەرکردنی گرفتەکان.

محەمەد ئیبراهیم ئەحمەد، توێژەری دەرونی لە ئامادەیی بەمۆ لە ناحییەی رزگاری، دەڵێت: "بونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە ناوەندەکان رۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەگەر بەرێوەبەر و مامۆستایان هاوکارێکی باشی بن، بەڵام ئەگەر کێشەو گرفت خرایە پێشی توێژەر ئەوا ئەو کات ناتوانێت ئەو رۆڵەی هەبێت کە پێویستە ببێت، تەنانەت وا ئێستا توێژەران خەریکە ساردبونەوەیەک لەلایان دروست دەبێت بە هۆی ئەوەی بەرێوەبەر گوێی لێناگرێت یان گرفتی بۆ دروست دەکەن، ئەگەر چی من بەرێوەبەرەکەم زۆر هاوکارمە".

وتیشی: "گرفتی من ئەوەیە کە هەندێک لە مامۆستایان کاتێک دادەنیشم لەگەڵ خوێندکارێک کە باسی کێشەو مەعاناتی خۆی دەکات بە قسەکانیان رێگری دەکەن ئەمەش وادەکات تاقەتی کارەکەت نەمێنێ و دەیانەوێ بزانن کێشە چیە، لە کاتێکدا ئەرکی توێژەر ئەوەیە کە نهێنی خوێندکارەکانی بپارێزێت، بۆیە ئەگەر وانەبێت ئەوا متمانە لە دەست دەدەین لە ناو خوێندکارەکاندا."

ئاماژەی بەوەشکرد: "من ژوری تایبەت بە خۆمم هەیە بەڵام بەچی دەچێت کە نەتوانم لەگەڵ خوێندکارێکی کچدا دابنیشین و باسی گرفتی خۆی بکات بە هۆکاری ئەوەی کە من خێزاندار نیم، هۆکاری هەمو ئەمانەش داخراوی کۆمەڵگایە کە نەگەشتون بەو ئاستە."

وتیشی:" سیمینارم نەکردوە بەڵام ساڵی پار داوای بەشە وانەم کرد لە مودیرەکەم بۆی دانام لە خشتەی وانەکان، بۆیە هەر جارە و باسی بابەتێکمان دەکرد لەگەڵ خوێندکارەکان ئەمە دەرفەتێکی باش بو، چونکە هەر لەو رێگەیەوە رێنمایم دەدا پێیان، ئێستاش سەردانی پۆلەکان دەکەم بەڵام وەک ساڵی پار نا."

بەدەر لەوەی کە توێژەران لە ناوەندەکان رۆڵ و ئەرکیان پێشکەشکردنی رێنماییە بە خوێندکاران و چارەکردنی گرفتەکانیان، رۆڵیشیان هەیە لە رێنمایکردنیان لە روی پاک و خاوێنی و جلوبەرگ و چەندین شتی دیکە.

مەریوان مەحمود محەمەد، توێژەری دەرونی لە قوتابخانەی رۆشنایی لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "جگە لە چارەکردنی کێشەو گرفتەکان، رۆڵیشم هەیە لە رێنمای کردنی خوێندکاران لە روی پاک و خاوێنی و جل و بەرگ و زۆرێک لە بابەتەکانی دیکە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ئێمە لە ناحیەیەکی بچوکداین گرفتمان کەمترە و و کۆمەڵگایەکی داخراویشین کەمتر باسی گرفتەکانیان دەکەن بۆمان".

وتیشی: " 15% پارەی حانوتمان (فرۆشگا) هەیە بۆ توێژەران، ئەمەش بۆ ئەو خوێندکارانە بەکاری دەهێنین کە پێویستیانە بۆ ئەوەی توشی گرفت نەبن."

شاخەوان عەدنان محەمەد، توێژەری دەرونی لە قوتابخانەی قازی محەمەد لە قەزای کفری، دەڵێت: "رۆڵی ئێمە لە ناوەندەکانی خوێندن گرنگیدانە بە لایەنی پەروەردە و فێرکردن و شێوازی مامەڵەکردنی مامۆستایانە لەگەڵ قوتابیان، ئەرکی ئێمە لە ناوەندەکان رێنمایکردن و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەیە کە رودەدات".

وتیشی: "گرنگترین شت ئەوەیە کە توێژەر بتوانێت متمانەیەکی بەهێز لە نێوان خۆی و قوتابیەکاندا دروست بکات، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوا ناتوانێت بەو ئامانجەی بگات کە خۆی دەوێت."

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئێمە کورتە سیمینارمان هەبوە، بەڵام بۆ رێنمایکردن سەردانی پۆلەکان دەکەم و رێنماییان پێشکەش دەکەم و بەرێوەبەرەکەشم زۆر هاوکارمە لە هەر هەنگاوێک کە دەینێم، هەروەها بەدەر لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە رودەدەن رێنمای تەندروستیش پێشکەش بە قوتابیەکان دەکەین."

باسیلەوەشکرد: "هەندێکجار دەوترێت قۆناغی بنەڕەتی کەمتر پێویستی بە توێژەر هەیە وەک لە ئامادەیی، بەڵام بە پێچەوانەوە پێویستە زیاتر گرنگی بە قۆناغی بنەڕەتی بدرێت بۆ دابینکردنی توێژەر بۆیان، چونکە پێویستە منداڵ لێرەوە پەروەردە بکرێت نەک لە ئامادەیی، هەروەها گرنگترین شت ئەوەی کە پێویستە بکرێت هەر قوتابیەک و فۆرمێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و تەواوی زانیاری قوتابی تێدا تۆماربکرێت و لەلای توێژەر هەبێت."

بەشێک لە توێژەران باس لەوەدەکەن ئەگەر چی لە لایەن پەروەردەوە رێنماییان پێدراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام هەندێکجار لەلایەن دەوروبەرەوە رێگرییان لێدەکرێت کە رۆڵ بگێرن.

سەباح عەلی مراد، توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی قەڵات لە کەلار، دەڵێت: "بونی توێژەر لە ناوەندەکان رۆڵێکی گرنگی هەیە ئەگەر بوار بدرێت کە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام هەندێک جار لە رێگەی ئەوانەی دەوروبەرەوە رێگری دەکەن لەوەی کە رۆڵت هەبێت، ئەگەرچی لە ناوەندکان رێنمای بۆ توێژەران دانراوە لەلایەن پەروەردەوە کە چی بکەن لە ناوەندەکان".

وتیشی: "کاتێک گرفتێک رودەدات لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان یان خودی قوتابیان خۆیان لێرەدا دەسەڵاتێک هەیە کە توێژەران هەستن بە چارەکردنی ئەو گرفتانە و پەیوەندی بە ئێمە هەیە، بەڵام بوار نادەن ئەمەش گەورەترین بەربەستە کە توێژەر نەتوانێت ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت."

## 4. گرنگی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن دا:

سەبارەت بە رۆڵ و گرنگی و ئەرکی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن چالاکوان و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێی وایە بونی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن خاڵێکی گرنگە، چونکە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هوشیارکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە هەن لە ناوەندەکان.

فەلاح عەبدولقادر عەزیز، توێژەری کۆمەڵایەتی و چالاکوان سەبارەت بە رۆڵی توێژەر و گرنگیان لە ناوەندەکان دەڵێت: "توێژەرەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنابن لەو گیروگرفتانەی کە هەن یان رودەدەن لە ناوەندەکان، پێویستە توێژەر هەبێت لە ناوەندەکان، ئەگەر چی بەشێکی زۆری ناوەندەکان توێژەری تێدا نیە".

وتیشی: "رۆڵی توێژەر ئەوەیە هەرگرفتێک کە رودەدات لە ناوەندەکان و لەلایەن خودی خوێندکاران رێگە نەدات ئەو گرفتە گەورە ببێت و چارەسەری بکات بە کەمترین کات."

ئاماژەی بەوەشکرد: "پێویستە توێژەر کەسێکی لێهاتو و نهێنی پارێز بێت وە رۆڵی سەرەکی هەبێت لە تێگەشتنی گرفتەکان و چارەسەرکردنی هەرگرفتێک کە دێتە ئاراوە لە ناوەندەکە."

شارەزاییانی پەروەردە پێیان وایە بونی توێژەر لە ناوەندەکان گرنگە و هیچی لە پسپۆرییەکانی دیکە کەمتر نیە، سەرپەرشتیاری توێژەرانی گەرمیانیش دەڵێت توێژەران کاراکتەری سەرخستنی سیستەمی خوێندنن و هاوکارێکی باشن بۆ نەهێشتنی توندو تیژی لە ناوەندەکاندا.

عەباس مەحمود، سەرپەرشتیاری توێژەران لە سنوری پەروەردەی گەرمیاندا، سەبارەت بە رۆڵی توێژەران و گرنگیان لە ناوەندەکاندا دەڵێت: "توێژەری کۆمەڵایەتی کاراکتەری سەرەکی سەرخستنی سیستەمی نوێی خوێندنە بەو جۆرەی هاوکار و پاڵپشتە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن و بەرجەستەکردنی پەروەردەیەکی تەندروست و سەردەمیانە".

وتیشی: "توێژەران رۆڵی زۆریان هەیە لە ناوەندەکان و ئەنجامدەری ئامۆژگاریکردن و سیمینار و رێنمایی کردن و توێژەران لینکی دروستکردنی پەیوەندی راستەوخۆن لە نێوان قوتابخانە و خێزانەکاندا."

## 5. گرفتەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە ناوەندەکانی خوێندن دا:

توێژەرە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان جگە لە دەستێوەردان لە کاروبارەکانیان یەکێکی تر لەو گرفتانەی روبەرویان دەبێتەوە نەبونی ژوری تایبەت بە خۆیانە کە بتوانن کارەکانیان بە باشی راپەڕێنن.

سەبارەت بە بونی ئەو گرفتانەی کە دێتە پێشی لەو ئەرکەی کە پێی دراوە، نەوشیروان محەمەد، دەڵێت: "گەورەترین گرفتی من ئەوەیە ژوری تایبەت بە خۆمم نیە تا خوێندکارەکانم ببینم و باسی کێشەو مەعاناتەکانی بکات بۆم، بۆیە بۆ بینینی هەر خوێندکارێک بە تایبەت دەبێت چاوەڕێ بکەم تا مامۆستایان دەچنە وانەکانیان ئەوکات خوێندکارەکەم ببینم، ئەمەش وایکردوە رۆڵی کەمم هەبێت لە بەجێ گەیاندنی ئەو ئامانجەی کە هەمە".

بە هەمان شێوە، سەبارەت بە بونی ئەو گرفتەی کە هەیەتی لە ناوەندەکەیدا، مەریوان مەحمود، دەڵێت: "نەبونی ژوری تایبەت وایکردوە کەمتر خوێندکار سەردان بکەن و باسی گرفتەکانیان بکەن."

سەبارەت بە بونی ئەو گرفتانەی کە وا دەکات کەمتر رۆڵی هەبێت لە ناوەندەکەیدا، سەباح عەلی، باس لەوە دەکات: "من گرفتی ئەوەم هەیە لە ناوەندەکەم ئەوانەی دەوروبەرم بورا نادەن لە چارەکردنی ئەو گرفتانەی کە هەن، هەروەها ژورێکی تایبەتم هەیە بەڵام هەندێک پێداویستی کەم و کورتی هەیە، ئەگەر چی لە نەبون باشترە بەڵام ناتوانم وەک پێویست بەکاری بهێنم."

بە هەمان شێوە سەبارەت بەو رێگریانەی کە روبەروی توێژەرەکان دەبێتەوە لە ناوەندەکاندا، عەباس مەحمود، سەرپەرشتیاری توێژەرانی سنوری پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: "رێگرییەکان زۆرن لە پێش توێژەرەکان لە ناوەندەکان لەوانەش نەبونی بەرچاورونی و هۆشیاری لەلایەن کۆمەڵگا و خێزانەکان تێنەگەشتن لە گرنگی و بایەخی توێژەری کۆمەڵایەتی، هەروەها هاوکاری نەکردنی توێژەران لەلایەن بەرێوەبەرکان و مامۆستایانەوە، هەمو ئەمانە هۆکارن کە رۆڵی توێژەر لە ناوەندەکان لاواز بێت نەتوانن ئەو پەیامەی کە پێیانە وەک پێویست بیگەیەنن".

## 6. بۆچونی بەڕێوەبەرەکان لەسەر توێژەران لە ناوەندەکانی خوێندن دا:

سەبارەت بە رۆڵی توێژەر لە ئەرک و چارەسەرکردنی گرفتەکان لە ناوەندەکانی خوێندنی سنوری پەروەردەی گەرمیان، بەرێوەبەری ناوەندەکان هەریەکە و بە شێویەک باس لە بونی توێژەر و گرنگیەکەی دەکەن.

شوکر مستەفا محەمەد، بەرێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی قازی محەمەد لە قەزای کفری، دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە توێژەر هەیە و رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لە چارەسەرکردنی گرفتەکان، بۆیە زۆرێک لە بار گرانی قوتابخانەکەی لە روی ئیدارییەوە کەم کردوەتەوە".

وتیشی: "توێژەر بەهۆی ئەوەی شارەزایی هەیە لە بوراکەدا و بۆچونی باشتری هەیە لە قسەکردندا لەگەڵ منالەکاندا ئەمەش زۆرێک لە گرفتەکانی چارەکردوە کە لە ناوەندەکە رودەدات، هەروەها بەدەر لە گرفتی ناوەندەکە خوێندکاری وا هەیە گرفتی دیکەی هەیە و کەسێک نیە گوێی لێبگرێت بۆیە دەچنە لای توێژەرەکە و هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکەی دەدات کە توشی بوە."

ئاماژەی بەوشکرد: "گرنگە هەر ناوەندێک و توێژەرێکی تێدا بێت، بەهۆی ئەوەی خوێندکاری وامان هەیە گرفتی هەبوە بۆ ئێمەی باس نەکردوە چوەتە لای توێژەرەکە ئەویش بەپێی توانای خۆی هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی داوە، تەنانەت ئامادەی ئەوەشی تێدا هەبوە سەردانی خێزانەکانی کردوە."

بەشێکی زۆری ناوەندەکانی خوێندن لە بونی توێژەر بێبەش بونە بەهۆی نەبونی دامەزراندن و قەیرانی داراییەوە، بۆیە هەندێک لە ناوەندەکان پێویستی زۆریان بە توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە بەتایبەت ئەو ناوەندانەی کە شەوان دەخوێنن.

گەیلان عزەدین، بەرێوەبەری قوتابخانەی کۆبانی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، سەبارەت بە نەبونی توێژەر لە ناوەندەکەی دەڵێت: "ئێمە بە شەوان دەخوێنین، کێشەو گرفتمان زۆرە و گرفتی زۆریشمان توش دەبێت بە هۆی ئەوەی ئەو خوێندکارانەی دێنە لامان دەخوێنن سەر بە کێشەن و توێژەریشمان نیە بۆ چارەسەر کردنی هەندێک گرفت، تەنانەت تەنها قوتابخانەی شەوانیشین لە رزگاری".

وتیشی: "من زۆر پێویستیم بە توێژەرە کە رێنمای بدات بە خوێندکارەکانم دەرسێکی پەروەردەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتییان پێشکەش بکات، بەهۆی ئەوەی ناوەندەکەمان شەری زۆری تێدا دەبێت و پێویستە کەسێک رێنماییان بکات ئەو بارگرانیەش لەسەر من کەم دەبێتەوە."

پێویستی توێژەر لە قوتابخانەکاندا بە پێی قوناغەکانی خوێندن دەگۆڕێت و زیاتر ئەو قوتابخانانەی کە بنەرەتین پێویستیان بە توێژەر هەیە بەو پێیەی ئەو تەمەنە تەمەنی پێگەیشتنە.

حسامەدین کوێخا محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی شەهید مەلازم جوامێر لە کەلار، دەڵێت: "ڕۆڵی توێژەر لە ناوەندەکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە جیاوازە، لە ناوەندەکەی ئێمەش ڕۆڵی توێژەر کەمترە، چونکە ئێمە بازنەی یەک و دوین گرفتمان کەمترە وەک لە قۆناغی (7 و 8 و 9)، بەهۆی ئەوەی ئەمان لە تەمەنی پێگەشتندان زیاتر پێویستیان بە توێژەرە".

وتیشی: "ئەگەر چی خوێندکارمان کێشەی هەبوە و چونەتە سەردانی توێژەرەکە و ئەویش ڕۆڵی هەبوە لە چارەسەرکردنی گرفتەکان، لەگەڵ ئەوەشدا خۆم هاوکارێکی باشیم."

دانا عوسمان محێدین، بەڕێوەبەری قوتابخانەی زانیاری بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "بونی توێژەر لە ناوەندەکان خاڵێکی گرنگە کە دەبێت هەبێت، هەروەها ڕۆڵیشیان لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی تر جیاوازی هەیە، بەڵام لەلای ئێمە بەهۆی کەمی قوتابی کەمتر کێشەو گرفتمان هەیە، ئەویش لە بونی هەر گرفتێک بەپێی توانای خۆی هەوڵی داوە و ڕۆڵێکی مامناوەندی هەبوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان".

وتیشی: "لە ناوەندەکەی ئێمە هەر مامۆستایەک ڕۆڵی توێژەرێک دەبینن لە ڕوی ڕێنمای کردنی خوێندکارەکان بۆیە گرفتمان کەمترە و کەمتر ڕوبەڕوی توێژەر دەبێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت توێژەر ڕۆڵی خۆی هەر هەبێت."

جیاواز لە قوتابخانە بنەرەتیەکان، بەڕێوبەری قوتابخانە ئامادەییەکان باس لەوە دەکەن بە هۆی پێگەیشتوی خوێندکارەکانەوە کەمتر ڕوبەڕوری گرفت دەبنەوە.

جەلیل مەحمود مەتین، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی لەیلازانا لە قەزای کەلار، دەڵێت: "توێژەر دەورێکی گرنگ دەبینێت لە قوتابخانەکاندا، چونکە زۆربەی کێشەکان کە ڕودەدات لەو ناوەندەدا یەکەم کەس ڕوبەڕوی توێژەر دەبێتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات، ئەگەریش چارە نەکرا دواتر دێتە لای بەڕێوەبەر بۆیە گرنگە کە هەبێت لە ناوەندەکان، بەو هۆیەشەوە ئەرکی ئیداری کەمتر دەکاتەوە."

وتیشی: "توێژەرمان هەیە و رۆڵی زۆر باشی هەیە لە چارەسەرکردنی گرفتەکان و متمانەیەکی زۆر باشی لە نێوان خوێندکاران دروست کردوە کە بە بەردەوامی سەردانی دەکەن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە هەر گرفتێک هەبێت بە نهێنی ماوەتەوە لە کاتێکدا ئەرکی توێژەر ئەوەیە."

کامەران عەزیز حسێن، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی کوردستانی نوێ لە قەزای کەلار، دەڵێت: "بونی توێژەر لە ناوەندەکان بەها و سەنگی خۆی هەیە، ئێمە دو توێژەرمان هەیە و دانەیەکیان بە تەمەنە و ئەزمونی زۆری هەیە، چونکە دەمێکە دامەزراوە رۆڵێکی زۆر باشی هەیە لە چارەسەرکردنی گرفتەکان کە لە ناوەندەکە رو بدات خوێندکارەکانیش بە زۆری سەردانی دەکەن بە تایبەت کچەکان، چونکە متمانەیەکە زۆری لە دڵیاندا دروست کردوە تەنانەت لە هەنێک حاڵەت سەردانی خێزانەکانیش دەکات".

باسیلەوەشکرد: "توێژەر نابێت هیچ ئەرکێکی پێ بسپێرێت بە پێی رێنمایەکانی پەروەردە چونکە ئەرکی ئەو تەنها رێنمای کردن و چارەسەر کردنی هەر گرفتێکە کە لە ناوەندەکە رو دەدات."

ئەگەرچی لە هەندێک لە ناوەندەکانی خوێندن بەربەست بۆ توێژەران دروست دەکرێت بە هۆی داخراوی کۆمەڵگە و دەوروبەرەوە کە نامۆن بە بونی توێژەر، بەڵام لە هەندێک ناوەند بە پێچەوانەوەیە کە بونی توێژەر تێیدا رۆڵیکی گرنگی هەیە لە چارەسەرکردنی گرفتەکان.

هەمزە حەسەن محەمەد، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی برایەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "بونی توێژەر لە ناوەندەکان گرنگە و هەریەکە و بە پێی توانای خۆی رۆڵی دەبێت، من توێژەرێکم هەیە زۆر چالاک و بەتوانایە رۆڵێکی زۆر باشی هەیە لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە رودەدات، بۆیە هەرکاتێک کە گرفتێک رودەدات پێش ئەوەی بگاتە لای من چارەی دەکات، لەو کاتەشەوە ئەو دەست بەکاربوە لە ناوەندەکەمان گرفتەکانمان زۆر کەم بونەتەوە، بۆیە بوەتە پاڵپشتێکی زۆر باش بۆ ئیدارە".

وتیشی: "بەهۆی ئەو لێهاتوەیەوە و ئەو متمانەیەی کە بەخشیویەتی بە خوێندکارەکان رۆژانە سەردانی دەکەن، بەدەر لە گرفتی ناوەندەکە خوێندکارەکان کێشەی خۆشیان باس دەکەن لەلای و پێکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن، بۆیە چ مامۆستاکان چ خوێندکارەکان زۆر لێی رازین، ئەمەش زۆر گرنگە و وادەکات کە توێژەر پێویست بێت بۆ ناوەندەکان."

قەیرانی دارایی و راگرتنی دامەزراندن وایکردوە ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەکان بێ توێژەر بن و لە کاتی روودانی هەر گرفتێکیش لەو قوتابخانانە بەرێوبەر و مامۆستایان رۆڵی توێژەر دەبینن.

ئەیاد محەمەد ساڵح، بەرێوەبەری ئامادەیی زرنگ لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "بونی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەرونی لە ناوەندەکان گرنگە بە تایبەت ئامادەیی، چونکە لە تەمەنێکی هەرزەکاریدان خودی خوێندکارەکان یان لەگەڵ مامۆستایان گرفت دروست دەبێت یاخود لە دەروەی خوێندنگاکان ، بۆیە گرنگە هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە رودەدەن و بەشێک لە ئەرکی ئیداریی کەم دەکەنەوە، ئەگەرچی من توێژەریشم نیە".

وتیشی: "چەندین جار داوام کردوە بۆیان دابین نەکردوم بە هۆی ئەوەی دامەزرندن نیە، دو مامۆستام راسپاردوە بۆ رێنمای کردنی خوێندکارەکان ئەمەش تا رادەیەک کەلێنەکەی بۆ پرکردوینەتەوە لە چارەسەرکردنی هەرگرفتێک کە هەبێت."

عەلی محەمەد رەحمان، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی پێباز لە ناحییەی پێباز، دەڵێت: "بونی توێژەر لە ناوەندەکان دەورێکی باشی دەبێت ئەگەر هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئێمە توێژەرمان نیە دانەیەکمان هەبو گواستیەوە، بۆیە لە رودانی هەرگرفتێک خۆمان چارەی دەکەین لە نەبونی توێژەر".

وتیشی: "لە ئێستاشدا بەهۆی وەزعی موچە و نەبونی دامەزراندن ناتوانم داوا بکەم کە کەسێکم لە کەلارەوە بۆ دابین بکەن لەگەڵ ئەوەش مامۆستای کەلاریم لانەماوە، بۆیە هەرچەند گرنگە کە توێژەر هەبێت بەڵام ناتوانم داوا بکەم."

زۆری ژمارەی خوێندکار لە قوتابخانەکان وایکردوە بە بەردەوامی گرفت لە ناوەندەکانی خوێندن هەبێت هەرچەندە قەبارەی ئەم گرفتانە لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی دیکە و لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە دەگۆرێت، ئەم گرفتانەش وادەکات پێویستی بە توێژەربێت بۆ چارەسەرکردنیان.

یونس هیدایەت قاسم، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی کفری لە قەزای کفری، دەڵێت: "بونی توێژەر لە هەر ناوەندێک رۆڵی یاریدەدەرێکی هەیە لە چارەسەرکردنی گرفتەکان کە من نیمە، چونکە ئەو نزیکترە لە خوێندکارەکان و لێیان تێدەگات، بۆیە بونی توێژەر گرنکە کە هەبێت لە ناوەندەکان بەڵام بە مەرجێک توێژەرێکی چالاک بێت و رۆڵی هەبێت".

وتیشی: "من توێژەرم نیە و داواشم کردوە کە بۆم دابین بکەن بەڵام بەهۆی نەبونی دامەزراندن دابینیان نەکردوە، یان هەندێک توێژەر هەیە خۆی لە قۆناغی ئامادەی نادات بە هۆکاری ئەوەی گرفت زیاترە."

بونی توێژەر لە ناوەندەکان رۆڵی خۆی هەیە، بەڵام لە ناوەندی گوندەکانی گەرمیان توێژەری تێدا نیە وەک بەرێوەبەرەکان خۆیان دەڵێن ناوەند هەر ناوەندە و گرفتی تێدا دەبێت چ شار بێت یاخود دەرەوەی شار بۆیە ئێمەش پێویستمان بە توێژەرە.

مەهدی عەبدولکەریم قادر، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی هەواسان لە ناحیەی مەیدان، دەڵێت: "ئێمە توێژەرمان نیە و پێویستی زۆرمان بە توێژەر هەیە، چونکە رۆژانە گرفت رو دەدات لە ناوەندەکە و پێویستی بە چارەسەرکردن و گفتوگۆ هەیە، بۆیە ئێمە وەک لادێ بێبەش بوین لە تویژەری کۆمەڵایەتی".

وتیشی: "خوێندکارەکانمان بەهۆی بەرزی ئاستی هوشیارییان و بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان وایکردوە گرفت زۆر ببێت و پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە هەیە، بۆ لادێکان دابینی ناکەن چەندین جار داوام کردوە نەک توێژەر بەڵکو زۆر گرفتی ترمان هەیە پەیوەندیدار بە ناوەندەکان، بۆیە پشتگوێ خراوین."

ئاماژەی بەوشکرد: "هەرگرفتێک کە رودەدات خۆم لەگەڵ مامۆستاکان هەوڵی چارەکردنی دەدەین، بۆیە ئەگەر توێژەر هەبوایە وانەدەبو."

هەروەها، لوقمان جەلال سەمین، بەرێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی گوندی میل قاسم سەر بە ناحیەی سەرقەڵا، دەڵێت: "توێژەری کۆمەڵایەتیمان نیە، نەبونی توێژەریش لە ناوەندەکانی لادێیەکاندا گرفتی زۆری بۆ دروستکردوین، چونکە زۆربەی کێشەکان دەگەرێتەوە بۆ ئیدارە بۆ چارەکردنی بۆیە ئەمەش ئەرکی ئێمەی قورس کردوە".

وتیشی: "ئێمە پێویستمان بە توێژەر هەیە وە داواشم کردوە، بەڵام بۆیان دابین نەکردوم بە هۆکاری ئەوەی ئێمە ژمارەی خوێندکارەکانمان کەمە و دامەزراندن نیە، لە کاتێکدا خۆێندکاری وامان هەیە پێویستی بە رێنمای کردنە لەلایەن توێژەرەوە بۆ ئەوەی گرفت و کێشە دروست نەکەن، هەروەها ئێمە گرفتی مامۆستای میلاکمان هەیە و بۆیان دابین نەکردوین چ جا توێژەر."

## 7. بۆچونی بەرێوەبەری پەروەردەکان لەسەر توێژەران لە ناوەندەکانی خوێندن دا:

سەبارەت بە رۆڵ و گرنگی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن، هەریەک لە بەرێوەبەری پەروەردەی گەرمیان و کەلار و کفری، باس لە پێویستی بونی توێژەر لە ناوەندەکان دەکەن، هەروەها هۆکاری نەبونی توێژەر لە زۆرێک لە ناوەندەکانی شار و نەبونی توێژەر لە ناوەندەکانی دەرەوەی شار دەگەرێننەوە بۆ نەبونی دامەزراندن و قەیرانی دارای.

دارا ئەحمەد سەمین، بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان سەبارەت بە رۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە ناوەندەکان دەڵێت: "بونی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن وەزیفەیەکی تازەیە هاتوەتە ئاراوە، بونیان لە ناوەندەکان ئەرکێکی گرنگ و پێویستە کە هەبێت، بۆیە شان بە شانی کارگێری قوتابخانە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارەکان نەک لە روی ئیش و کارەوە بەڵکو لە روی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی چ لە قوتابخانەکادا بێت چ لە روی ئیدارییەوە بێت، بۆیە بەدەر لەوەی ناوەندەکان ناوەندێکی زانستیە کۆمەڵایەتیشە، چونکە کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش روی تێدەکەن، بۆیە ئەرکی چارەسەرکردن و رێوشوێنی پێویست روبەروی توێژەر دەبێتەوە".

وتیشی: ئێمە خوازیارین لە هەمو ناوەندەکان چ لە خودی شار و چ لە دەروەی شار توێژەر هەبێت، بەڵام بەهۆی کەمی ژمارەی توێژەرەکان ئێمە لە ناو سەنتەری شار دامان ناوە لە گوندەکان نیمانە.

سەبارەت بە ئەرکی توێژەر لە ناوەندەکان و ئەنجامدانی سیمینار، بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان ئاماژەی بەوەکرد: بەهۆی هەندێک هۆکار لە ناوەندەکان ئێمە هەستاین بە دەرکردنی کۆمەڵێک رێنمای کە توێژەر ئەرکی رێنمای کردن و چارەسەرکردنی کێشەکانە نەک پێدانی ئەرکی تر، بۆیە ئەرکی توێژەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بەرێوەبەرکان نیە بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە ئێستاشدا هیچ گرفت نیە بەرێوەبەرەکان خۆیان داوا دەکەن کە توێژەریان بۆ بنێرین ئەگەر چی لە سەرەتاوە بە پێچەوانەوە بیریان دەکردەوە، هەروەها بۆ ئەنجامدانی سیمینار ناو بە ناو هەمانە بەهۆی بارودۆخەکەوە بەردەوام نیە، بەڵام رێکخراوەکان و بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی بەردەوام سیمیناریان هەیە و توێژەرەکانیش هاوکارن لەگەڵیان.

هەروەها سەبارەت بە میکانیزمی دابەشکردن و دامەزراندنی توێژەر لە ناوەندەکان دارا ئەحمەد وتیشی: میکانیزمی دابەشکردنمان دیاریکراو نیە بەهۆی ئەوەی توێژەرمان کەمە و هەمو ناوەندەکان وەک یەکن لە

دابینکردنی توێژەر، تەنها لە خودی شار هەمانە و لە دەرەوەی شار نیمانە، هەروەها لە قۆناغی ئامادەیی و بنەرەتیش وەک یەک وایە بەڵام زیاتر قۆناغی ئامادەی پێویستە چونکە گرفت لەو ناوەندانە زیاترە لەگەڵ قۆناغی (7 و 8 و 9)دا، ئەگەرچی بەهۆی بارودۆخ و نەبونی دامەزراندن گرفتی کەمی توێژەرمان هەیە، ئەگەر چی زۆرێک لە ناوەندەکان هەر نیمانە.

سەبارت بە رۆڵی توێژەر لە ناوەندەکان، عەدالەت لەتیف، بەرێوەبەری پەروەردەی کەلار دەڵێت: "بونی توێژەر لە ناوەندەکان گرنگی خۆی هەیە، بۆیە تەبعی پیشەکەی وایە لە خوێندکاران نزیک بێت، بۆیە لە بونی هەرگرفتێکدا خوێندکاران یان قوتابیان پێویستیان بەوەیە کەسێک گوێیان لێبگرێت گفتۆگۆیان لەگەڵ بکات ودڵی خۆیانیان بۆ بکەنەوە، بۆیە بونی توێژەر گرنگە و ئەرکی ئەویش ئەوەیە گوێی لێبگرێت و رێنمای بکات، هەروەها لە هەمانکاتدا دەبێت توێژەرەکە ئەرکی خۆی بزانێت لە هەرگرفتێک کە رو دەدات و چارەی بکات".

وتیشی: من بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ سەرپەرشتیاری توێژەرەکان هەیە، رۆڵێکی باشیان هەیە لە ناوەندەکان بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێک کە رودەدات.

ئاماژەی بەوەشکرد: توێژەرەکان لە ناوەندەکان جگە لەو ئەرکەی هەیانە کە رێنمایکردن و چارەسەرکردنی هەرگرفتێکە کە رودەدات نابێت هیچ ئەرکێکی پێبدرێت بە پێی رێنمایەکانی پەروەردە، هەروەها دەبێت توێژەر جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان خوێندکارەکان و مامۆستایان و بەرێوەبەرەکان دروست بکات و ئەرکی گەیاندنی پەیامی خوێندکار بێت و سودێکی هەبێت، بۆیە ئەگەر بە شێوازێکی باش و جوان پەیامەکە بگەیەنێت لە بەرامبەردا وەڵامێکی ئیجابی دەست دەکەوێت نەک بە پێچەوانەوە.

سەبارەت بە کەمی ژمارەی توێژەرەکان لە ناوەندەکان نەبونیان لە ناوەندەکانی لادێیەکان بەرێوەبەری پەروەردە کەلار وتیشی: بە هۆی نەبونی دامەزراندن لە دوای ساڵی 2014 توێژەرمان کەمە لە سەنتەری شاردا و لە ناوەندەکانی دەروەی شاریش نیمانە بەهۆی کەمی ژمارەی خوێندکار لەو ناوەندانە، ناشتوانین وەک وانەبێژ دایان بنێن چونکە هیچ رێنماییەکمان نیە سەبارەت بەوە بەڵام ئەگەر هەبێت ئەوا بۆ تەواوی ناوەندەکان دای دەنێین.

ئیسماعیل سەمین، بەرێوەبەری پەروەردەی کفری، سەبارەت بە رۆڵی توێژەرەکان لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "دانانی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن پێویستە وە زۆریش گرنگە، چونکە دەبنە مایەیی هاوکاری بۆ کارگێری ئەو ناوەندە، وە بە دواداچونکردن بەدوای گرفتەکاندا و دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ ئەو کێشانەی کە رودەدەن،

بۆیە ئەمەش خۆی لە دوخاڵدا دەبینێتەوە یەکەمیان، توانای توێژەرانە کە چەند توانایان هەیە لە بوارەکەی خۆیاندا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کەهەن و تیایدا سەرکەوتو دەبن، دوەمیشیان، هەرناوەندێک پێویستی بە زەمینە سازییەکی باش هەیە بۆ ئەوەی توێژەران بتوانن کارەکانیان بە باشی ئەنجامبدەن".

وتیشی: بەپێی رێنمایەکانی وەزارەتی پەروەردە نابێت توێژەر هیچ وانە و ئلتزامێکی پێبدرێت، جگە لەو ئەرکەی خۆی کە رێنمایکردن و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەیە کە لە ناوەندەکان هەیە.

سەبارەت بە ئەنجامدانی سیمینار لە ناوەندەکان ئاماژەی بەوەشکرد: ساڵانی پێشوتر ئەنجامدراوە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بارودۆخەکەوە هیچ سیمینارێکمان نەکردوە، لەگەڵچ ئەوەشدا ئەگەر بارودۆخ باش ببێت ئەوا لە بەرنامەماندا هەیە لە وەرزی دوەم سیمینار بکەین.

سەبارەت بە هۆکاری کەمی توێژەر لە ناوەندەکان و نەبونیان لە گوندەکان بەرێوەبەری پەروەردەی کفری باسی لەوەشکرد: بە هۆی نەبونی دامەزراندن رێژەکە وا کەمە و وەک پێویست نیە، ئەگەرچی ساڵانە وەزارەت خۆی دامەزراندن دەکاتەوە و توێژەر دابین دەکات ئێمە هەرچەند داوا بکەین وەک ئەوە وایە نەمانکردبێت، بۆیە ئەگەر بارودۆخ باش ببێت پێموایە وەزارەت ئەوە دەکات، هەروەها هۆکاری نەبونی توێژەر لە ناوەندی گوندەکان کەمی ژمارەی قوتابیانە لەگەڵ ئەوەش کەمی ژمارەی توێژەرەکانە بۆیە تەنها لە ناو خودی شار دامان ناوە، بەڵکو گرفتی نەبونی توێژەر لە زۆرێک لە ناوەندەکانی سەنتری شاریشدا هەیە.

هەروەها سەرپەرشتیاری پەروەردە هۆکاری نەبونی توێژەر لە ناوەندەکان دەگەرێنێتەوە بۆ نەبونی دامەزراندن و کەمی رێژەی قوتابی لە گوندەکاندا.

زەینەڵ رەشید سادق ، سەرپەرشتیاری یەکەم لە پەروەردەی کەلار دەڵێت: "بەهۆی کەمی ژمارەی خوێندکار و قوتابی لە ناوەندەکانی دەرەوەی شاردا ناتوانین توێژەریان بۆ دابین بکەین، بەڵام لە خودی شار بە هۆکاری زۆری تەلەبە و بەرزی ئاستی هۆشیاریان و زۆری گرفت لە ناوەندەکان زیاتر لە سەنتەری شار پێویستمانە وەک لە گوندەکان، بەڵکو لە سەنتەری شاریشدا زۆرێک لە ناوەندەکان توێژەرییان نیە".

وتیشی: هۆکاری کەمی توێژەر نەبونی دامەزراندنە، بۆیە چەندین جار لە رێگەی پەروەردەکانەوە داوامان کردوە کە بۆمان دابین بکەن بەڵام وەڵام نەدراوینەتەوە، ناشتوانرێت وەک مامۆستا بە وانەبێژ ئەوناوەندانەی کە توێژەری نیە دابینی بکەین چونکە فەرمانبەرە.

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان:

1. پێویستە توێژەر لە تەواوی ناوەندەکانی خوێندن گرنگە پێبدرێت و دابین بکرێت، چونکە هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لە ناوەندەکان رودەدات و دەبێتە هاوکارێکی باش بۆ کارگێری ئەو ناوەندە.

2. پێویستە هەر ناوەندێک و توێژەرێکی هەبێت، بەهۆی ئەوەی هوشیاری خوێندکار لە ئاستێکدایە کە گرفتی زۆر لە ناوەندەکان رودەدات، پێویستی بە توێژەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی.

3. پێویستە لە هەرناوەندێک و ژورێکی تایبەت بە توێژەر هەبێت لە گەڵ تەواوی پێداویستیەکانیدا، بۆ ئەوەی بتوانێت سەردان کەری خۆی بە ئاسانی ببینێت و گوێی لێبگرێت و ئەو پەیامەی کە ئامانجیەتی بە دەستی بهێنێت.

4. پێویستە گرنگی بە ناوەندەکانی دەرەوەی شار بدرێت لە دابینکردنی توێژەر بۆیان، چونکە وەک لەراپۆرتەکەدا خراوەتە رو لەگوندەکان دا کەمترین توێژەر بونی هەیە، ئەو ناوەندانەش وەک ئەوانەی سەنتەری شارەکان گرفتیان تێدا دەبێت و پێویستیان بە چارەسەرکردن دەبێت، بۆیە گرنگە توێژەر هەبێت لەو ناوەندانەدا.

5. پێویست بە تەواوی بوار برەخسێنرێت بۆ توێژەر لە ناوەندەکان و هاوکاری بکرێن لەلایەن ئەوانەی دەوروبەرەوە رێگرییان لێنەکرێت لە بونی هەرگرفتێک کە دێتە ئاراوە، چونکە ئەرکی توێژەر لە ناوەندەکان رێنمایکردن و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەیە کە رودەدات.

6. خول و وانە و سیمیناری تایبەتمەند ئەنجام بدرێت و بکرێنەوە بۆ ئاشناکردنی مامۆستایان بە کار و رۆڵی توێژەرەکان و زانینی ئەرک و ماف و رۆڵی یەکتری.

7. خولی تایبەت بە توێژەرەکان بکرێتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشەو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ و جیاواز لەناو ناوەندەکانی خوێندن یان لەناو خوێندکاران بەگشتی، چونکە ئەوانیش پێویستییان بە نوێبونەوەی زانیارییەکانیان و راهێنانیان بە شێوازی نوێی کارکردن هەیە.

8. رۆڵ بدرێت بە توێژەرەکان بەوەی لەخشتەی وانەکان دا، مانگانە یان هەفتانە سیمیناری هۆشیاریی وەکو وانەیەکی سەرەکیی جێگیر بکرێت، کەتیایدا تاوتوێی کێشەو پرسە کۆمەڵایەتیی و دەرونییەکان بکرێت لەلایەن توێژەرەکەوە یان بە میوانداری توێژەر و شارەزایانی دیکە.

ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە

زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە

هونەر حەمید مەجید، دۆسیەی تەندروستی

بۆپەیوەندی:

07702303676– 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org